# تقويم أداء تدريسيي قسم اللغة الكردية في كلية التربية ابن رشد/ جامعة بغداد في ضوء مبادئ التعلم النشط

**م.م. روناك غازي محمد المندلاوي**
ronak.ghazi@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد/ قسم اللغة الكردية

**الملخص**

يهدف هذا البحث الدراسة إلى تقويم أداء تدريسيي اللغة الكردية في ضوء مبادئ التعلم النشط، اذ اعتمدت الباحثة على المنهج الوصفي لتحقيق هدف البحث.

تكون مجتمع البحث من جميع تدريسي قسم اللغة الكردية في كلية التربية ابن رشد/ جامعة بغداد والبالغ عددهم (١٤) تدريسياً في العام الدراسي (٢٠٢٣-٢٠٢٤).

وتوصلت الباحثة إلى عدة نتائج منها أن مبادئ التعلم النشط تساعد التدريسيين على تتنمية وتطوير مهاراتهم في التدريس الفعال، مما يؤدي إلى تحسين مستوى التعلم لدى الطلبة.

وقدمت الباحثة عدة توصيات، منها أهمية زيادة الاهتمام بنظام تقويم التدريسيين من قبل عمداء الكليات، لتحقيق أعلى مستوى من التطوير في التدريس وفق الإمكانيات المتوفرة.

**الكلمات المفتاحية: التقويم، الاداء، التعلم النشط، كلية التربية، قسم اللغة الكردية.**

## Evaluating the performance of the Kurdish Language Department's teaching staff at Ibn Rushd College of Education/ University of Baghdad in light of the principles of active learning

**Assistant Lecturer**
**Ronak Ghazi Mohammed Mandalawi**
**University of Baghdad/ Ibn Rushd College of Education/ Kurdish Language Department**

**Abstract**

This research aims to evaluate the performance of Kurdish Language Department's teaching staff in light of active learning principles. The researcher relied on the descriptive approach to achieve the research objective.

The research community consisted of all Kurdish Language Department's teaching staff at the Ibn Rushd College of Education,

University of Baghdad, totaling (14) teachers in the academic year (2023-2024).

The researcher reached several conclusions, including that active learning principles help teaching staff to develop and enhance their skills in effective teaching, which leads to improved student learning.

The researcher presented several recommendations, including the importance of increasing attention to the faculty evaluation system by college deans to achieve the highest level of development in teaching, according to available resources.

**Keywords: Assessment, Performance, Active Learning, College of Education, Department of Kurdish Language.**

## هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد/ زانکۆی بەغداد لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاکدا

**م.ی ڕووناک غازی محەمەد مەندەلاوی**

**زانکۆی بەغداد/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد/ بەشی زمانی کوردی**

**پوختەی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی کارڕایی، یان ئەدای مامۆستایانی بەشی زمانی کوردییە، لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاکدا، توێژەریش پشتی بە ڕێبازی وەسفی بەستووە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە سەرجەم مامۆستایانی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد/ زانکۆی بەغداد پێکهاتووە، کە ژمارەیان (١٤) مامۆستایە لە ساڵی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)ی ئەکادیمی.

توێژەر بەچەند ئەنجامێک گەیشتووە، لەوانە پرەنسیپی فێربوونی چالاک یارمەتی مامۆستایان دەدات لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانیان و گەشەپێدانی کارامەییەکانی وانەوتنەوەی کارا، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لەلای فێرخوازان.

توێژەر چەند ڕاسپاردەی خستەروو، لەوانە گرنگیدانی زیاتر بە سیستەمی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بدرێت، لەلایەن ڕاگری کۆلێژەکان، بۆئەوەی بەرزترین ئاست بەپێی توانا لە پەرەپێدان لە وانەوتنەوە بەدیبهێنرێت.

**وشە سەرەکییەکان** : هەڵسەنگاندن، کارڕایی، فێربوونی چالاک، کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی.

**بەشی یەکەم:**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:** پەرەسەندنی پرۆسەی فێرکردن بە ئاراستەی بنەڕەتی پشت بە مامۆستا و سروشتی ئەو کارامەییانەی هەیەتی دەبەستێت، لەگەڵ تواناکانی لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێرکردن، بۆئەوەی مامۆستا ڕۆڵی گرنگ و هەستیاری خۆی بە شایستەیی و تواناوە ببینێت، دەبێت توانا و کارامەیی فێرکردنی تەواوی هەبێت، لەبەرئەوەی ئەرکی مامۆستا وەکو لەپێشدا هەبوو، تەنها لەسەر پێدانی زانیاری و ڕاستییەکان بە فێرخوازان کورت نابێتەوە، بەڵکو ئەرکی مامۆستا فراوان بووە، لە ئێستادا پرۆسەی پەروەردە بووە بە پرۆسەیەکی گشتگیر بۆ هەموو لایەنەکانی گەشەی کەسایەتی لەلای فێرخوازان لە وێنەی: جەستەیی و ئەقڵی و دەروونی و کۆمەڵایەتی (سكرية، ٢٠١٠، ص ٢)، توێژەر ئامادەکردن و بەدواداچوونی مامۆستایان بە زەروری دەبینیت، بە شێوەیەک وتنەوەی بابەتی زانستی بە ئاستی باڵا دەستەبەر دەکات، بۆئەوەی توانا و شیاویان دەربکەوێت، هەروەها کارامەییان لە بەدەستهێنانی پەیڕەوکردنی زمانەوانی و کرداری بۆ فێرخوازان، ئەوە وادەکات مامۆستا زۆر پێویستی بە توێژینەوە لە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی نایاب و توانای کارامەیی گشتی و تایبەتی پێویست، بۆ هەڵستان بەو ئەرکە و بە شێوەیەکی چاکتر لە ڕێگای پرۆسەی هەڵسەنگاندنی بەردەوامی ئەداکردنەکەی، توێژەر تیشکی خستووەتە سەر پێویستی ئامرازی هەڵسەنگاندنی خودی، کە مامۆستا بەشی زمانی کوردی تیایدا دەتوانێت، بڕیار لەسەر ئەداکردنەکەی بدات، بە پێی ئامرازی (ڕاپرسی)، بۆیە توێژەر کاری ڕاپرسیی سەرەتایی کردووە، کە نموونەیەک لە مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی گرتووەتەوە، چەندین پرسیاری ئاراستەکردوون، ئەنجامی وەڵامەکانیان بەو شێوەیەیە:

١- ٧٦% زانیارییان لەسەر پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک نییە.

٢- ٦٤% لەوانەی زانیارییان لەو پرەنسیپانە هەیە، لە جێبەجێکردنی ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.

لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامە، کێشەی توێژینەوەی ئێستا بەو شێوەیە بەرجەستە دەبێت: هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستانی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد/ زانکۆی بەغداد لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک چییە؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:** پرسی ئامادەکردنی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆکان ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە ڕوونکردنەوەی ئامانج و پلاندانان و جێبەجێکردنی لەسەر واقیع بە شێوەیەکی ڕاست، لەبەرئەوە دەبێت جەختی بکەینە سەری و گرنگی بە هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە بدەین، دەبێت هەڵسەنگاندن بەپێی ڕێگا نوێیەکان بێت بۆ فێرکردنێکی نوێگەری ( ابو الرب قدادة، ٢٠٠٨ :٧٤).

هەڵسەنگاندن ڕێگا لەبەردەم مامۆستا ڕۆشن دەکاتەوە، بۆئەوەی لەسەر خاڵە لاواز و بەهێزەکان بوەستێت و چارەسەریان بکات، هەروەها خاڵە بەهێزەکان پاڵپشتی بکات، لەگەڵ ئەوەی هەڵسەنگاندن پرۆسەی دەستنیشانکردنی چارەسەرکردنە، مەبەست لە هەڵسەنگاندن هەموارکردنەوەی ڕەوتەکەیە، بۆ گەیشتن بە ئاستی چاکتر و بتوانرێت بەرزترین کارایی سەبارەت بە پرۆسەی فێرکردن بەدەبیهێنرێت، لەبەرئەوە سەرجەم پرۆسەی فێرکردن، بە تایبەتی وانەوتنەوە پێویستی بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنە، کە پشت بە پێوانەکردن دەبەستێت، بۆ ڕادەی بەدیهێنانە ئامانجی دیاریکراو(کریمان، ٢٠٠٨، ١٤)، کەواتە ئامادەکردنی مامۆستا بە شێوەیەکی باش و چاودێریکردنی، گرنگترین فاکتەری یارمەتیدەرە لە بەدیهانی هەڵستانەوەی زانستی و فێرکردن، کە دەبێتە هۆی هەڵسانەوەی سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگە، هەروەها مامۆستای لێهاتوو، دەتوانێت ئامانجی گشتی و تایبەت بە کارایی و تێگەیشتنەوە بەدیبهێنێت، کاتێک دەوڵەت هەوڵی بەدیهێنانی هەڵستانەوەی گشتگیر لە هەموو لایەنەکان دەدات، پێویستی بەو مامۆستایانەیە، کە خاوەنی چەندین توانا و لێهاتووبین، لەوانە، پلاندانان و ڕێگا کاراکانی وانەوتنەوە و بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی پۆل و هەڵسەنگاندن (الزغول والمحامید: ٢٠١٠، ١٧).

کەواتە هەڵسەنگاندن پرۆسەی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنە بە یەکەوە، شێوازێکی زانستییە، کە واقیعی فێرکردن بە وردی دەستنیشان دەکات، هەروەها ڕادەی شیاوی ئامرازەکان و ڕێکارە بەکارهاتووەکان هەڵدەبژێرێت، هەروەها لە هەموارکردنەوەی ڕەوتی فێرکردن بە دانانی چارەسەر و کار لەسەر چارەسەرکردنی و پێشنیازکردنی شوێنگرەوەی گونجاو کە سوود لە ئەنجامەکانی دەبینێت، بۆئەوەی هەمووان بەشداری لە بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی پرۆسەی فێرکردن بە بەرزترین ئاستی کارا و جۆری بکەن، هەروەها هەڵسەنگاندن بە پایەیەکی بنەڕەتی لە پایەکانی پرۆسەی فێرکردن دادەنرێت، لەبەرئەوەی ئامرازی پرۆسەی فێرکردنەوە بۆ نوێکردنەوە و ئامرازێکە بۆ پەرەپێدانی، هەروەها پرۆسەیەکی مێتۆدییە، ئەو زانیارییانە دەستەبەر دەکات، یارمەتی دەرکردنی حوکم یان بڕیارەکان سەبارەت بە پانتایی و پرۆگرامەکانی فێرکردن و ڕادەی بەدیهێنانی ئامانجە دانراوەکانی دەدەن، هەروەها کۆنترۆڵی ئەنجامەکانی ئەو پرۆسەیە لە پەرەپێدان و چاکترکردن دەکات، کە ڕادەی ناتەواوییەکانی دەخاتە ڕوو، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستەکە و گەیشتن بە چاکترین ئاست، بەو شێوەیە ڕۆڵێکی دیار لە ئاڕاستەکردنی پرۆسەی پەروەردە دەبینێت و دەوڵەمەندی دەکات و جۆری لێکەوتەکانی بەرز دەکاتەوە. (الربیعي، ٦٦،٢٠١٠)

توێژەر وایدەبینیت، هەموو کارێکی ڕێکخراو و هەموو پرۆژەیەکی دامەزراو ناوە ناوە پێویستی بەوەیە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، ئەوە قۆناغێکی پێویستە بۆ هەموو پرۆژەیەک لەو کاتەی بیر لە بونیادنان و کێشانی پلانی کاری کراوەتەوە، بەبێ هەڵسەنگاندن، پلانی پرۆژەکە ناتەواو دەبێت، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمایەک دادەمەزرێت، کە لە تواناد نییە لە گونجاوییەکەی

دڵنیابینەوە، لەوانەیە پێویستە ئەوانە دایانمەزراندووە و کاری لەسەر دەکەن، خۆیان لە لایەنە لاوازەکانی بەدوور بگرن، کە لە دەستپێکی یەکەمدا درکیان کردووە.

فێربوونی چالاک لە پرۆسەی وانەوتنەوە، پێگەیەکی دیاری هەیە، کە وادەکات فێرخواز چالاک وئەرێنی بێت، هەروەها دەرەفەتی بەشداریکردنی بۆ برەخسێنێت، هەروەها برێک لە سەربەخۆیی و پشتبەستان بە خۆی بۆ برەخسێنێت، بە شێوەیەک فێرخواز توانای ڕێکخستنی ژیانی خۆی هەبێت، هەروەها پلان بۆ داهاتووی خۆی دابنێت، هەورەها فێرخواز لەسەر بیرکردنەوە بە خودی خۆی و هاوکاری هەماهەنگی لەسەر بنەمای دیالۆگ و گفتوگۆ لەنێوان خۆیان و، لەنێوان خۆیان و مامۆستا هاندەدات، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و پەیرەوکردنی کاری بەشبەشکردن وگەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو (خيري، ٢٠١٨، ٣٢) .

هەورەها فێربوونی چالاک گرنگە بۆ گۆڕینی ڕۆڵی مامۆستایان، لەبەرئەوەی چیتر کاری تەلقین نییە، هەروەها تاکە سەرچاوەی زانیارییەکان نییە، بەڵکو بەڵکو ڕۆڵێکی زیندوو و بەردەوامی هەیە، کە لەگەڵ فێربوونی چالاک بە ڕۆڵی جیاواز یەکدەگرێتەوە، کەواتە مامۆستا دەبێت بە چاودێر و ڕێنوێنیکاری فێربوونی چالاک، کە جێبەجێکردنی ئاسان دەکات، هەروەها فێرخوازان لەسەری ڕادەهێنێت و لە بەڕێوەبردنی هەڵوێستەکانی فێرکردن بە شارەزایی و زیرەکی یارمەتییان دەدات (البكري، ٢٠١٥، ٣٧).

(Leander & Carrol 2001) جەخت لەسەر گرنگی فێربوونی چالاک دەکاتەوە، بە پاڵپشتیکردنی ئەو چالاکییانەی پشتیان پێدەبەستێت، کە چالاکییەکانی وانەوتنەوەی نەرێنی کەم دەکاتەوە، وەکو گوێگرتنی نەرێنی، بەڵام بەشداریکردنی کارا، پاڵنەری فێرخوازان بۆ فێربوون و تێکەڵبوون دەوروژێنێت.

توێژەر وایدەبینێت، فێرکردنی زانکۆیی کارایی کارامەییەکان و لێهاتوویی مامۆستایانی زانکۆ دیاری دەکات، لە ئامادەکردن و ڕەخساندنی کەشی وانەوتنەوە بۆ فێربوون، هەروەها گەشە بە وروژانی ئەقڵی فێرخوازان دەدات، هەروەها گەشە بە گفتوگۆی ئەرێنی لەنێوان فێرخوازان دەدات، ئەوە بۆ هەموو کەسێک پرسێکی ئاسان نییە، لە پرۆسەی وانەوتنەوە بزانێت و بەتوانا بێت تیایدا، لەسەر ئەو بنەمایە، سیستەمە جیاوازەکانی فێرکردن لە پلەی یەکەم گرنگی تایبەت بە پرسی ئامادەکردنی مامۆستایان و ڕاهێنانیان و هەڵسەنگاندنیان دەدەن، لەبەرئەوەی بە بەردی گۆشەی بناغەی پرۆسەی فێرکردن دادەنرێت.

گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانە بەرجەستە دەبێت:

– هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان لە دید و تێڕوانینیان، بەپێی پرەنسیپی فێربوونی چالاک.

– سوودبینینی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە کۆلێژەکانی پەروەردە، لەو ئەنجامەی کە توێژەر پێی گەیشتووە.

– به پێی زانیارییەکانم، هیچ توێژینەوەیەکی عێراقی یان عەرەبی لەو بوارەدا نییە.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوە دەیەوێت: ئەدای مامۆستایانی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد/ زانکۆی بەغداد، لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک هەڵبسەنگێنێت.

**چوارەم: سنووری توێژینەوەکە:**

لە چوارچێوەی ئەو ئامانجانەی کە توێژەر هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، توێژینەوەکە تایبەتە بە مامۆستایانی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد/ زانکۆی بەغداد بۆ ساڵی (٢٠٢٣– ٢٠٢٤)ی ئەکادیمی.

**پێنجەم: دیاریکردنی زاراوەکان:**

**١– هەڵسەنگاندنی ئەدا: (العجيلي) پێناسەی کردووە:** ئەو پرۆسەیەیە لە ڕێگایەوە لە ڕێگایەوە لێهاتوویی مامۆستایان لە بواری وانەوتنەوە و ڕادەی بەشداریکردنیان لە بەدەستهێنان ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە دیاری دەکرێت (العجيلي، ٢٠٠١، ص ٨٥) .

– **(إبراهيم) پێناسەی کردووە:** یەکێکە لە شێوەکانی نرخاندن، نەخشەکێشراوە بۆ زانینی توانای تاکەکان لە هەڵوێستە جیاوازەکانی وانەوتنەوە (ابراهيم، ٢٠٠٩، ٤٦٧).

– **(مهدي) پێناسەی کردووە:** بریتییە لە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی وانەوتنەوە، بە هەموو ئەوانەی لەخۆی دەگرێت، لە پەیڕەوکردن و کارلێککردنی نێوان مامۆستا و ڕەگەزەکانی هەڵوێستی مامۆستا (مهدي،٢٠١٦ :٤٥).

– **پێناسەی ڕێکاری:** ئەو پرۆسەیەیە لە ڕێگایەوە ئەدای مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی هەڵدەسەنگێندرێت، هەروەها ڕادەی دەستکەوتیان لە وانەوتنەوە، لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپی فێربوونی چالاکی کە لە ڕاپرسییەکەدا هاتووە، لە دید و تێڕوانینی مامۆستایان.

**٢– فێربوونی چالاک: (سعادة واخرون) پێناسەیان کردووە:** بریتییە لە ڕێگای فێربوون و فێرکردن، فێرخواز بە چالاکی و ڕاهێنان بە کاری زۆر لە ڕێگای ژینگەی فێرکردنی دەستەبەرکراو و جۆراجۆر بەشداری تیادا دەکات، ڕێگایان دەدرێت بە ئەرێنی گوێبگرن و دیالۆگی بونیادنەرانە و گفتوگۆی دەوڵمەند و بیرکردنەوەی داهێنەرانە و شیکاری دروست و ڕامانی قوڵ بکەن (سعادة واخرون، ٢٠٠٦، ٣٣).

**(ابو الحاج والمصالحة) پێناسەیان کردووە:** ئەو فێربوونەیە کە فێرخواز دەکات بە تەوەری پرۆسەی فێربوون، وادەکات ببن بە تاکی کارا و چالاک و بەشدار و ڕۆڵ لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی فێربوون ببینن، لە ڕێگای هەندێک لەو چالاکیيانەی پەیڕەویان دەکەن، کە گونجاوە لەگەڵ ئارەزوو و تواناکانیان (ابو الحاج والمصالحة، ٢٠١٦ :١٨).

**(سلام)** پێناسەی کردووە: ئەو فێربوونەیە فێرخواز لە چالاکییە جیاوازەکانی وانەوتنەوە بەشداری دەکات، بە ڕێگایەکی ئەرێنی تێکەڵی دەبێت، ڕۆڵی خۆی لە وەرگرتنی مەعریفە دەگۆڕێت بۆ وەبەرهێن و شیکارکردنی، لەگەڵ شارەزایی مەعریفی و کارامەییەکان و بەهاکان و ئاڕاستەکان کارلێکدەکات، لە ڕێگای پەیرەوکردنی زۆرترین لە هەستەکانی و کارکردن بەپێی توانا بەدەستی دەهێنێت (السلام، ٢٠٢١، ١١).

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان لەبەر ڕۆشنایی حەوت پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک، بە هاندانی مامۆستای فێرخواز لەسەر کارلێککردن و هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان خۆیاندا، هەروەها هاندانیان لەسەر چالاکی پۆل و توانی پێشکەشکردنی فیدباک بە کەمترین کات و کۆششکردن، بۆ بەدیهێنانی چاکترین فێربوون، هەروەها دانانی پێشبینی باڵا بۆ ئەداکانیان و بونیادنانی وانە لەسەر بنەمای فرە زیرەکی.

١- **کۆلێژی پەروەردە:** (الراوي) پێناسەی کردووە بەوەی: یەکێکە لە دەزگاکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە عێراق، هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانەی گەورەیە، بەشەکانی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت، ئامانجی ئامادەکردنی پسپۆڕانی شیاوی پەروەردەیی و زانستییە بۆ وانەوتنەوە لە خوێندنگەی ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان و ئامادەکردنی بڕوانامە باڵاکان (ماستەر و دکتۆرا)، بۆ کارکردن وەکو شارەزا و مامۆستا لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (الراوي،١٩٩٠، ص٥٧).

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لە دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ماوەی خوێندن تیایدا چوار ساڵە، هەڵدەستێت بە دەرچواندنی مامۆستایانی شیاو بۆ وانەوتنەوە لە پسپۆڕییە زانستی و مرۆڤایەتییە جیاوازەکان، لە خوێندنگا ناوەندی و ئامادەییەکان لە عێراق.

**بەشی دووەم**

**لایەنە تیۆرییەکان و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

**تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری:-**

یەکەم: هەڵسەنگاندن:

هەڵسەنگاندنی پێویستییەکی حەتمییە بۆ پەرەپێدانی لێکۆڵینەوە لە زانکۆ، هەروەها بۆ پەرەپێدانی خوێندنی باڵا بە گشتی، لەسەر ئەو بنەمایەی ڕەگەزێکی پێویستە بۆ پلانی خوێندنی باڵا، کە دیاریکردنی پێوەری هەڵسەنگاندنە بۆ بارودۆخەکانی ئێستا و پێوەرەکانی پلاندان، هەروەها (کیمبول وایلز) چەمکی هەڵسەنگاندن ڕوون دەکاتەوە، پرۆسەی بڕیاردانە، کە وەکو بنەمایە بۆ پلاندان بەکاردەهێنرێت، هەروەها پرۆسەیەکە دیاریکردنی ئامانج دەگرێتەوە، هەورەها ڕوونکردنەوەی پلان و بڕیاردان لەسەر بەڵگە و پێداچوونەوە بە شێوازەکان و ئامانجەکان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕیارانە (الطريقي،٢٠٠٠، ص٢٢٦).

چەمکی ئەدای وانەوتنەوە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک وەڵامدانەوە، کە تاک لە هەڵوێستی دیاریکراو پەیڕەویان دەکات، کە شیاوی تێبینی و پێوانەکردنەوە، بەپێی پێوەری دیاریکراو، بەوشێوەیە ئەداکردن پێوەری ڕەفتارە (الخطيب،٢٠٠٠، ص٢٧).

هەروەها (الجفري، ٢٠٠٢) پێناسەی کردووە، هەموو ئەوانەیە کە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە چالاکی و ڕافتاری فێرکردن ئەنجامی دەدەن و پەیوەستن بە پرۆسەی وانەوتنەوە لەناو و دەرەوەی پۆلدا (الجفري، ٢٠٠٢، ص ١١٥)

مامۆستای زانکۆ، ئەو مامۆستا یان وانەبێژەیەی کە لە خوێندنی زانکۆیی بەشدارە، لەهەمان کاتدا مامۆستایەکی ڕاهێنراوە و توانای گونجاندنی شێوازەکانی خۆی و کارەکانی و چالاکییەکانی بە ڕێگایەکی گونجاو لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و وەرگرتنی فێرخوازەکانی هەیە، هەورەها کارلێککردنیان دەجوڵێنێت و هزریان بۆ زیادکردنی مەعریفە دەکاتەوە، هەورەها بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی و توانایی لەسەر جێبەجێکردن (سلمان، ٢٠٠٨، ٢١)، ئەوە ڕەگەزێکی سەرەکی کارایە لە بەدیهێنانی ئامانجەکان و دروشمەکانی زانکۆ لە ڕووی ئەکادیمی و پرۆسەی فێربوون و فێرکردن و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و پیوەندییەکان، هەروەها لە توێژینەوەی زانستی و خزمەتکردنی کۆمەڵگە.

هەڵسەنگاندنی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە، پرۆسەیەکی نەخشە بۆکێشراوی فەرمییە، بە ئامانجی پشکنینی کاری مامۆستایان و بڕیاردان لەسەر ئەداکانیان بۆ مەبەستی پیشەیی، وەکو ئاڕاستەکردن و چاکترکردنی ئەداکانیان و پێشکەشکردنی فیدباک، یان بۆ مەبەستی فەرمانبەری، وەکو پلەبەرزکردنەوە یان سزدان یان بۆ مەبەستی پلانی هێزی مرۆڤایەتی، پرۆسەی هەڵسەنگاندن ئەدای ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لەخۆدەگرێت، کە لە بینینی بەشێکی ئەدای مامۆستایان هەڵهێنجراوە (هارون، ٢-١٣، ٣٦)، لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت ڕێگاکانی هەڵسەنگاندنی ئەندامانی دەستەی مامۆستایان زۆر بێت، بەپێی ئامانج و ستراتیجییەکانی زانکۆ، لێکۆڵینەوەکان و توێژینەوە بڵاوکراوەکان جیاوازن لە جێبەجێکردنی پێوەرەکان، بەڵام زۆربەیان کۆک و هاوڕان لەسەر ئەوەی دەبێت هەڵسەنگاندن لە ئەرکەکانی ئەندامانی دەستەی مامۆستایان سەرچاوەی گرتبێت، کە پوختەی وانەوتنەوە و توێژینەوەی زانستی و خزمەتکردنی کۆمەڵگەیە ( النعيمي، ٢٠٠٥، ١٥) و( العزيز وزهران، ٢٠٠٨،١٢)

**بنەماکانی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە:**

ئەدەبیاتەکان ئاماژە بەوە دەکەن، چەندین بنەما هەیە، کە لە هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە پشتی پێ دەبەسترێت، بنەماکان ئەمانەن:-

١. پێویستە هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئەداکانیان و شیاوی وانەوتنەوەیان بێت، یان بونیادنەر بێت و نەگۆڕێت بۆ ڕێکاری ڕۆتینی شێوە پشکنینی تاکڕەوانە و ڕوخێنەر، بۆئەوەی زیان بە پرۆسەی فێرکردن نەگەیەنێت.

٢. بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی بەهێز و لاواز لە ئەدای مامۆستایان بەکاربهێنرێت، هەروەها پێویستە هەڵسەنگاندن کار لەسەر دۆزینەوەی ئەو لایەنانە بکات، دوور بکەوێتەوە لە بڕیاردانی نەرێنی یان تایبەتمەندی دیاریکراو بە مامۆستایان بلکێنێت، بێگومان دەبێت جەخت بکاتە سەر خاڵە بەهێزەکان و جێگیریان بکات و بەرزیان بکاتەوە، هەروەها کار لەسەر نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان بکات، هەورەها دەتوانێت خاڵە بەهێزەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی لاوازی بەکاربهێنێت ( جابر، ٢٠٠٦، ٢٧٥)

٣. وەرگرتنی لایەنە جیاوازەکانی ئەداکردنیان و فەرامۆش نەکردنی هیچ لایەنێک، بەڵکو ڕووبکاتە ڕووی دەرەوە و هاوسەنگکردنی هەڵچوون و هەموو کەسایەتییەکەی، هەورەها پێویستە شێوەی بەردەوامی وەربگرێت، لەگەڵ گەشەی پیشەیی و ڕاهێنان لە کاتی خزمەتکردن بەردەوام بێت.

٤. بەشداریکردنی لایەنە جیاوازەکان لە هەڵسەنگاندنی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە و پێدانی دەرفەتی هەڵسەنگاندنی خودی پێیان، بەشداری لە هەڵسەنگاندنی هەموو مامۆستایان دەکات، لەوانە سەرۆکی بەش و ڕاگر و فێرخواز و و سەرپەرشتی فێرخواز و ئەوانەی پەیوەستن بە پرۆسەی فێرکردن و خودی مامۆستایان، هەموو هەڵسەنگاندنێک لایەنێکی دیاریکراو دەیکات، سوود و زیانی خۆی هەیە، چاکترە هەمووان بەشداری لە هەڵسەنگاندن بکەن، هەروەها پێویستە هەڵسەنگاندن کاریگەریی باش لە دەروونی مامۆستا جێبهێڵێت (میخائیل، ٢٠١٥، ٨٨-٨٩)

٥. دەبێت پرۆسەی هەڵسەنگاندن لەلایەن ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە بەکاربهێنرێت، بۆ هەڵساندنەوەی کارامەییە پەروەردەییەکانیان، پێویستە لەسەر دەزگاکان شێوازێکی پاڵپشتییان بۆ دەستەبەر بکەن.

٦. جۆراوجۆرکردنی شێوازەکان و ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە: واتا دەبێت داتاکان لە چەندین سەرچاوە بێت، هەروەها ئامراز و شێوازەکان بە کۆمەڵ بەکاربهێنرێن، بەو شێوەیە ئەنجامی ڕاستتر لە بەکارهێنانیان بە تاک بەدەستەوە دەدات، لە پێناوی بەکارهێنانی شێواز و ئامرازەکان بە کارایی، بێگومان دەبێت خاڵە لاوازەکانی هەریەکەیان بزانین، بۆ نموونە تێبینیکردن، کاریگەریی لە خەملاندنی خودی بۆ تێبینییەکە دەبێت، کەواتە بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکان، شوێنگرەوەیەکی نموونەییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان ( مارزانو وتوث، ٢٠١٤، ٣٨).

**گرنگی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە:**

گرنگی هەڵسەنگاندنی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە زۆرە، دەتوانین لەم خاڵانە پوختیان بکەین:

١. بەشداری لە بڕیاردانی پیشەیی پەیوەست بە ڕاهێنان و گواستنەوە دەکات.

٢. بەشداری لە دۆزینەوەی خاڵە لاواز و ناتەواوەکانی ئەداکردنیان دەکات، کە پێویستییان بە پەرەپێدان و پێداچوونەوەیە.

٣. لە ڕێگای پێدانی مەعریفە لەلایەن ئەوانەی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەن، فیدباک بە مامۆستایان دەدرێت.

٤. بەشداری لە زانینی ڕادەی بەدیهێنانی ئامانجی زانکۆ دەکات.

٥. بەشداری لە ناسینی خاڵە لاوازەکانی پرۆگرامەکە دەکات، هەروەها بەشداری لە پەرەپێدانی داهاتوو دەکات. (هارون،٤٠،٢٠١٣)

**ئامانجی هەڵسەنگاندنی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە:**

١ . پرۆسەی هەڵسەنگاندن یارمەتی دەستەبەرکردنی ئاماژە و داتا لەسەر ئاستی دەستکەوت و لاوازیی چەندین لایەن دەکات، کە زانکۆ هەوڵی بەدیهێنانی دەدات.

٢. هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەدای ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە و بەدواداچوون بۆ ئاستی پێشکەوتنیان.

٣. یارمەتی دەستەبەرکردنی داتا سەبارەت بە پرۆگرامی زانکۆ بە هەموو وردەکارییەکانی دەدات، هەروەها فیدباک بدات بە کەسی بڕیاردەر لەسەر هەموو ئەو زانیارییانەی دەیەوێت و پشتیان پێ دەبەستێت، لە ڕێنوێنیکردنی بڕیارەکانی زانکۆ.

٤. بیرۆکە سەبارەت بە توانا و شیاوی بەردەست دەدات، بۆ سوودبینینی زیاتر لە وزە و کۆششیان لە بەدیهێنانی ئەرکەکانی زانکۆ.

٥. دۆزینەوەی لایەنی بەهێزی ئەداکان، بۆ پاڵپشتیکردنی و سوودبینین لێی و توانای گواستنەوەی بۆ ئەوانی دیکە لە ڕێگای ئامرازی جیاواز و دیاریکردنی خاڵە لاوازەکان بۆ تێپەڕاندنیان و دانانی چارەسەر بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکان.

٦. ئاماژەدان و دەستخۆشیکردن لە ئەدای نایاب و جیاوازی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە، بەکارهێنان و وەبەرهێنانی لە زۆر لایەن، بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە لە ڕێگای دەروازەکانی توێژینەوەی زانستی و چالاکی زانستی و کۆمەڵگەی دیکە( العمايرة، ٢٠٠٦، ٧٦).

**دووەم – فێربوونی چالاک:** فێربوونی چالاک بە یەکێک لە ئاڕاستە نوێیەکان دادەنرێت، کە ڕۆڵی بنەڕەتی لە فێربوون و فێرکردن دەبینێت، جەخت لە یارمەتیدانی مامۆستا دەکاتەوە، لەسەر

بەدەستهێنانی چەمکی فێرکردنی پێویست، بە تەوەری پرۆسەی فێرکردنی دادەنێین.( شاکر، ٢٠١٨، ٣٩٥).

فێربوونی چالاک پشت بە ڕۆڵی ئەرێنیی فێرخواز لە هەڵوێستەکانی فێرکردن دەبەستێت، لە سەرجەم پەیڕەوکارییەکانی پەروەردە و ڕێکارەکانی وانەوتنەوە، ئامانجی کاراکردنی ڕۆڵی فێرخواز و گرنگی پێدانیەتی، فێرکردن لە ڕێگای کارکردن و توێژینەوە و ئەزموونە، فێرخواز پشت بە خۆی ببەستێت، لە دەستکەوتنی زانیاری و بەدەستهێنانی کارامەییەکان و پێکهێنانی بەها و ئاڕاستەکاندا، فێرخوازی چالاک جەخت ناکاتە سەر ئەزبەرکردن و تەلقین، بەڵکو گەشە بە بیرکردنەوە و تواناکانی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان دەدات، هەروەها کاری بە کۆمەڵی هەرەوەزی دەکات (عبد الحميد، ٢٠١٠، ٣).

فێربوونی چالاک زاراوەیەکی گشتگیرە، بۆ کۆمەڵێک شێوازی وانەوتنەوە، کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی بەرپرسیارێتی فێربوونی بخاتە سەر فێرخواز، لە ڕووی پرەنسیپەوە بیرۆکەی فێربوونی چالاک پشت بە بەشداری کارای فێرخوازان دەبەستێت، لە بابەتەکانی فێربوون، وادەکات فێرخواز توانای هێنانەوەی زانیارییەکانی بە شێوەیەکی چاکتر هەبێت. (الهاشمي واخرون، ٢٠١٦، ٢٤).

**پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک:** پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک چەند پۆلێنێکی بۆ کراوە، لەوانە پۆلێنی **(عبد الوهاب، ٢٠٠٥)** بریتییە لەمانە:-

١. چالاکییە ئەرێنییەکانی فێرخواز لە کاتی پرۆسەی فێرکردندا.

٢. کارلێککردنی لەگەڵ بابەتی فێرکردن بە شێوەیەکی ئەرێنی پلان بۆدانراو و ئامانجدار.

٣. کۆششی ئەقڵی و دەستی فێرخواز بۆ بونیادنانی مەعریفە لە هزردا، هەروەها ئەقڵی لە تێگەیشتنی بابەتی زانستی و دیاردەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان بەکاردەهێنێت.

پۆلێنی **(سعادة، ٢٠٠٦)** بریتییە لەمانە:-

١. کار لە پەرەوکردنی وانەوتنەوە بە ڕاستی دەکات، لەسەر خەملاندنی بلیمەتیی جیاواز و ڕێگاکانی فێربوونی جیاواز.

٢. هانی پەیڕەوکردنی دروست بۆ وانەوتنەوە لەسەر گفتوگۆی ڕاستەقینە نێوان مامۆستا و فێرخواز دەدات.

٣. هانی پەیڕەوکردنی دروست لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان فێرخوازان دەدات.

٤. هانی پەیڕەوکردنی وانەوەتنەوەی دروست لەسەر بنەمای چالاکی دەدات.

٥. پەیڕەوی دروست بۆ وانەوتنەوە لەسەر فیدباک دەکات.

٦. جەخت لە پەیڕەوکردنی دروست لەسەر خۆپاراستنی تەواو و پێویست بۆ فێربوون دەکات .(سعادة،٢٠٠٨، ١٥٦ ).

**پۆلێنی (بدیر، ٢٠٠٨)** بریتییە لەو پرەنسیپانەی خوارەوە:-

١. مامۆستا لەسەر کارلێککردن لەنێوان خۆیان فێرخوازان هاندەدات.

٢. مامۆستا فێرخوازان لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان خۆیان هاندەدات.

٣. مامۆستا فێرخوازان لەسەر چالاکی پۆل هاندەدات.

٤. مامۆستا فیدباکی خێرا پێشکەشی فێرخوازان دەکات.

٥. مامۆستای کاتی تەواو بۆ فێربوون دەستەبەر دەکات (کات + کۆشش= فێربوون).

٦. مامۆستا پێشبینی باڵا بۆ ئەدای فێرخوازان دەکات.

٧. مامۆستا لەسەر بنەمای فرەزیرەکی بونیاد دەنێت. (بدیر، ٢٠٠٨ ، ٣٧- ٣٨).

توێژەر پشتی بە پۆلێنی (بدیر، ٢٠٠٨) بەستووە بۆ پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک، بۆ گوزارشتکردن لە فێربوونی چالاک، لەبەرئەوەی بە گونجاوی بینی بۆ ئامانجەکانی توێژینەوەکەی، لەبەرئەوەی لە بنەماوە گشتگیرە و گوزارشت لە ناوەڕۆکی فێربوونی چالاک دەکات.

**ڕەگەزەکانی فێربوونی چالاک:-**

ژمارەیەک لە پەروەردەکاران ئاماژەیان بە هەبوونی چوار ڕەگەزی بنەڕەتی کردووە، کە پاڵپشتی گرنگن بۆ ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک، ئەو ڕەگەزانە خۆیان لەمانە دەنوێنن (قسەکردن و گوێگرتن، خوێندنەوە، نووسین، ڕامان و بیرکردنەوە). (الفوال، سليمان، ٢٠١٦، ٤٠٩).

هەورەها توێژەر ڕۆڵی مامۆستایانی بەپێی فێربوونی چالاک زیادکردووە:

١. پێشکەشکردنی هاندان و پاڵپشتیکردنی ماددی و واتایی، کە پاڵنەری فێرخوازان بۆ کارکردن دەوروژێنێت.

٢. جۆراوجۆریی شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، ڕۆڵی چارەنووسساز و ئاراستەکەر و گونجاوی بۆ چالاکییەکانی فێرکردن هەیە.

**تەوەری دووەم: لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

**خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:** ئەم تەوەرەی توێژینەوە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی پەیوەندیداری پێشوو بە بابەتی توێژینەوەکەمان لەخۆدەگرێت، دەتوانین بەو شێوەیە پۆلێنی بکەین:

**خشتەی ژمارە (١)خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

| ژ | ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی و شوێنی | گۆڕاوی سەرەکی | قۆناغ | قەبارەی نموونەکە | ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شاکر (٢٠١٨) عێراق/ دیالە | هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی مێژوو لە زانکۆی دیالە بەپێی پرەنسیپی فێربوونی چالاک | مامۆستایانی زانکۆ | ٧٥ مامۆستا | وەسفی | پابەندبوونیان بە پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک، هەبوونی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی بەڵگەی ٠.٠٥ لەنێوان مامۆستایانی زانکۆی دیالە و هەڵسەنگاندنی ئەدایان بەپێی پرەنسیپی فێربوونی چالاک |
| ٢ | کاظم و فلیح (٢٠١٩) عێراق | نمرەی پەیرەوی مامۆستایانی کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی کەربەلا بۆ پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک لە دید و تێڕوانینی فێرخوازان | فێرخوازانی زانکۆ | ٢٤١ فێرخواز | وەسفی | نمرەی پەیرەوکردنی مامۆستایانی کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی کەربەلا بۆ پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک ناوەند بووە |
| ٣ | الزوینی والشافعی (٢٠٢٣) عێراق | هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی بەشی مێژوو لە کۆلێژەکانی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان بەپێی چەمکی شیاوی ژمارەیی (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە) | فێرخوازانی زانکۆ | ٣٥٤ فێرخواز | وەسفی | جیاوازی لە ئەداکردن بەپێی گۆڕاوی (ئاستاوی زانستی) لە بەرژەوەندی ئەو مامۆستایانەیە کە ئاستاوی زانستی باڵایان هەیە، جیاوازی لە ئەداکان بەپێی گۆڕاوی (پسپۆڕی) نییە |
| 4 | صادق و ابراهیم (٢٠١٩) عێراق/ زانکۆی ڕاپەڕین | هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆی ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستان/ عێراق | مامۆستایانی زانکۆ | 60 مامۆستا | وەسفی | جیاوازی لە ئەداکردن بەپێی گۆڕاوی (ئاستاوی زانستی) لە بەرژەوەندی ئەوانەیە کە ئاستاوی زانستی باڵایان هەیە، جیاوازی لە ئەداکردن بەپێی گۆڕاوی (پسپۆڕی) نییە |

**لایەنی سوودبینین لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

١. دیاریکردنی کێشەکە و دیاریکردنی ڕەهەندەکانی و پێشکەشکردنی لە چوارچێوەیەکی گونجاو.

٢. هەڵبژاردنی چوارچێوەی تیۆریی گونجاو بۆ توێژینەوەکە و ڕێکخستنی.

٣. هەڵبژاردنی پرۆگرامی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

٤. هەڵبژاردنی ڕێکار و ئامرازی ئاماریی گونجاو.

٥. خستنەڕووی ئەنجامەکان و شرۆڤەکردنیان.

٦. هەڵبژاردنی سەرچاوەی سەرەکی و لاوەکی کە توێژینەوەکە پێویستی پێیەتی.

**بەشی سێیەم:**

ئەم بەشە وەسفی ئەو ڕێکارانە لەخۆدەگرێت، کە توێژەر پەیڕەوی کردووە، هەروەها دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و هەڵبژاردنی نموونەی مامۆستایان و ئامرازەکانی توێژینەوەکە کە بەکارهاتوون لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا و شێوازی جێبەجێکردنیان، لەگەڵ ڕاستگۆیی ئامرازەکان و جێگیرییان و ئامرازی ئاماریی بەکارهاتوو لە شیکارکردنی ئەنجامەکە.

**یەکەم: ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژەر پشتی بە ڕێبازی وەسفی بەستووە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە لەڕووی ڕێکارەکان لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە.

**دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و نموونەکەی:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، مامۆستایانی زانکۆی بەغداد/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی زمانی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) لەخۆگرتووە، نموونەی توێژینەوەکە لە سەرجەمی مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی پێکهاتووە، ژمارەیان (١٤) مامۆستایە، وەکو لە خشتەی خوارەوە خراوەتەڕوو:-

**خشتەی (١)ئامادەکردنی مامۆستایان لە بەشی زمانی کوردی و نموونەی بنەڕەتی دەخاتەڕوو**

| ز | زانکۆ/ کۆلێژ | ژمارەی مامۆستایانی نێر | ژمارەی مامۆستایانی مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زانکۆی بەغداد/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد/ بەشی زمانی کوردی | ٧ | ٧ | ١٤ |

**سێیەم: ئامرازی توێژینەوەکە:** سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی، ئامرازی گونجاو دیاری دەکەن، لەبەرئەوەی هەموو توێژینەوەیەک ئامرازی گونجاوی خۆی هەیە، (ڤان دالین) ئاماژە بەوە دەکات، هەر ئامرازێک تایبەتمەندی خۆی لە کۆکردنەوەی داتای دیاریکراو هەیە (ابو زايدة، ٢٠١٨ : ١٣٩)، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی توێژەر لە بنەماوە دەیەوێت، ئەدای مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک هەڵبسەنگێنێت، توێژەر

ڕاپرسیی بە ئامرازی توێژینەوەی گونجاو بینی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر ڕاپرسییەکەی ئامادەی کردووە، کە لە (٤٣) بڕگە پێکهاتووە، بەپێی پرەنسیپی فێربوونی چالاک ڕێکیخستووە، خستووەتییە بەردەستی کۆمەڵێک لە مامۆستایانی پسپۆڕ بۆ خستنەڕووی ڕاستگۆیی ئامرازەکان.

**بونیادی ئامرازەکانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەی ئێستا دەیەوێت هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان لە کۆلێژی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی لە دید و تێڕوانینی مامۆستایان لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپی فێربوونی چالاک بکات، هەروەها لەبەر نەبوونی لیستێکی ئامادە بە پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاکیی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە، توێژەر هەڵستاوە بە بونیادنانی لیستێکی پشتبەستوو لەو بوارە لەسەر:

– ڕاپرسیی بەدواداچوون: بۆ دەستکەوتنی زۆرترین بڕگە بەپێی توانا، توێژەر ڕاپرسیی بەدواداچوونی کراوەی کێشاوە، کە یەک پرسیار لەخۆدەگرێت، ڕاپرسییەکە حەوت بواری لەخۆگرتووە، بۆ مەبەستی بەدواداچوونی نموونەکە، لە دید و بۆچوونی مامۆستایان، نموونەی بەدواداچوونەکە (٧) مامۆستای لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغداد وەرگرتووە.

– دوای خوێندنەوەی ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوکانی پێشووی پەیوەندیدار بە بابەتی توێژینەوەکە، لەگەڵ ئەدەبیاتی پێشوو، هەورەها شارەزایی و ئەزموونی ڕوونی توێژەر لە وتنەوەی هەندێک بابەتی پەورەردەیی و زمانی کوردی، توێژەر ڕاپرسیی کراوەی بە شێوەی سەرەتایی داڕشتووە، ڕاپرسییەکە پێکهاتووە لە (٤٣) بڕگەی دابەشکراو بەسەر حەوت بوار، وەکو لە خشتەی (٣) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٣)ئەو بوارانە دەخاتە ڕوو کە ڕاپرسییەکە لەخۆی گرتووە، هەروەها ژمارەی بڕگەکانی هەر بوارێک**

| ز | بوارەکان | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|
| ١ | مامۆستا لەسەر زیادکردنی کارلێککردنی ئەرێنی لەنێوان خۆی و فێرخوازان هاندەدات | ٧ |
| ٢ | مامۆستا لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان فێرخوازان هاندەدات | ٥ |
| ٣ | مامۆستا فێرخوازان لەسەر چالاکی پۆل هاندەدات | ٦ |
| ٤ | مامۆستا فیدباکی خێرا پێشکەشی فێرخوازان دەکات | ٦ |
| ٥ | مامۆستا پێشنیازی باڵا بۆ ئەدای فێرخوازان دەکات | ٨ |
| ٦ | مامۆستا کاتی تەواو بۆ فێربوون دەرخسێنێت ( کات + کۆشش) = فێربوون | ٥ |
| ٧ | مامۆستا لەسەر بنەمای فرەزیرەکی بونیاد دەنرێت | ٦ |
| | کۆی | ٤٣ |

**سێیەم: ڕاستگۆیی ئامرازەکان:** ڕاستگۆیی بە مەرجێکی گرنگ لە نەخشەکێشانی ئامرازی توێژینەوە دادەنرێت، ئەگەر بتوانێت بە کرداری ئەوە بپێوێت کە لە پێناوی دانراوە (العساف، ٢٠٠٣، ٢٣٠). دەتوانین ڕاستگۆیی دیاردەیی لە ڕێگای خستنەبەردەستی بڕگەکانی ئامرازەکە بە ژمارەیەک شارەزا یان مامۆستایان لە بواری فێرکردن بخەملێنین، هەورەها بە ڕێکەوتنی زۆرینە لەسەر ڕادەی گونجاوی بڕگەکان (الجابري،١٧١،٢٠١١)، توێژەر لیستی پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاکی خستووەتە بەردەستی کۆمەڵێک شارەزا لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کەرکوک و کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد/ بەشی زانستە پەروەردەیی و دەروونییەکان، لەبەر ڕۆشنایی دید و بۆچوونی شارەزایان هەندێک بڕگەی لاداوە و هەندێکی دیکەی لێکداوە، ژمارەی کۆتایی بڕگەکانی ڕاپرسییەکە گەیشتووە بە (٤٣) بڕگە و دابەشیکردووە بەسەر حەوت بواردا.

**چوارەم: جێگیری ئامرازەکان:** مەبەست لە جێگری ئامرازەکان، پێدانی هەمان ئەنجامە، ئەگەر دووبارە لەسەر هەمان کەسەکان لە هەمان بارودۆخ جێبەجێ بکرێتەوە. (العساف، ٢٠٠٣، ٢٣٦)، توێژەر لەو توێژینەوەیە پشتی بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە (T-TEST) بەستووە، لەسەر (٧) مامۆستا لە کۆلێژی پەورەردەی ئیبن ڕوشد، ئەگەر ماوەی نێوان جێبەجێکردنی یەکەم و دووەم، بۆ ئامرازەکان دوو هەفتە بێت، ئامراز ئاماژەی بەوە کردووە، ماوەی کاتی نێوان جێبەجیکردنی یەکەم و دووەم بۆ ئامرازەکان، پێویستە لە ماوەی دوو هەفتە یان سێ هەفتە تێنەپەڕێت (Adams,1966, p 85) هەروەها بۆ دەرهێنانی هەڵگریی جێگیری، توێژەر هەڵگریی بەیەکەوەبەستنەوەی پیرسۆنی وەکو ئامرازی ئاماری بەکارهێناوە، هەڵگریی جێگیری ٨٨% دەرچووە.

**پێنجەم: جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:** دوای ئەوەی توێژەر لە ڕاستگۆیی ئامرازی توێژینەوەکە و جێگیرییەکەی دڵنیابووەوە، توێژەر ڕاپرسیی کۆتایی لەسەر ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە دابەشکرد، کە لە (١٤) مامۆستا پێکهاتبوو لە بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد/ زانکۆی بەغداد لە ماوەی نێوان ٢٠٢٤/٣/٢٧ بۆ ٢٠٢٤/٤/٣٠.

**شەشەم: ئامرازی ئاماری:** توێژەر ئامرازی ئاماری بەکارهێناوە، بۆ گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکەی، کە بریتییە لە: ناوەندی سەرچاوە بۆ دۆزینەوەی نمرەی بەهێزیی هەر بڕگەیەک و کێشی سەدی بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی ڕاپرسییەکە، هەروەها هەڵگری بەیەکەوەبەستنەوەی پیرسۆن بۆ دۆزینەوەی جێگیریی ڕاپرسییەکە.

**بەشی چوارەم:**

**یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شرۆڤەکردنیان:** ئەم بەشە خستنەڕووی ئەو ئەنجامانە لەخۆدەگرێت، کە توێژەر لەبەر ڕۆشنایی ئامانجی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، کە خۆی لە

هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد/ زانکۆی بەغداد دەنوێنێت، لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک.

توێژەر هەڵستاوە بە ڕیزبەندکردنی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بۆ هەر بوارێک لە بەهێزترینیان بۆ کەمتر بەهێز، هەروەها توێژەر شرۆڤەی بڕگە زۆر بەهێزەکانی لە هەر بوارێک لە حەوت بوارەکە کردووە، بەوشێوەیە:

**١ – بواری هاندان لەسەر زیادکردنی کارلێککردنی ئەرێنی لەنێوان خۆی فێرخوازان:**

ئەم بوارە حەوت بڕگە لەخۆدەگرێت، پەیوەندیان بە بواری (هاندان لەسەر زیادکردنی کارلێککردنی ئەرێنی نێوان خۆی و فێرخوازان هەیە)، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە، بڕگەی یەکەم (وروژێنەری جۆراوجۆریی بەکارهێناوە بۆ جەختکردنی فێرخوازان لەسەر گرنگیدان بە وانەکە و ئاڕاستەکردنی چالاکییەکانی فێرخوازان لە بواری مەیدانی و زانستی) ڕیزبەندی یەکەم ئەو پێگەی وەرگرتووە، نمرەی بەهێزی گەیشتووە بە (٢,٨٤٦) و کێشی سەدی (٩٧,٨٧). وەکو لە خشتەی (٤) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٤)وەڵامی مامۆستایان لە بواری (هاندانم لەسەر زیادکردنی کارلێککردنی ئەرێنی لەنێوان خۆی و فێرخوازاندا) لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەپێی بەهێزی بڕگەکان ڕیزبەندکراوە**

| ز | زنجیرەی ڕاپرسییەکە | بواری هاندان لەسەر زیادکردنی کارلێککردنی ئەرێنی لەنێوان خۆی و فێرخوازاندا | هاوڕام | تاکو ئاستێک هاوڕام | هاوڕا نیم | کۆی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | وروژێنەری جۆراوجۆر بۆ جەختکردنی فێرخوازان لەسەر گرنگیدان بە وانەکە و ئاڕاستەکردنی چالاکی فێرخوازان لە بواری مەیدانی و زانستی بەکاردەهێنێت. | ١٢ | ١ | ١ | ١٤ | ٢,٨٤٦ | ٩٧,٨٧ |
| ٢ | ٥ | ڕێگای گفتوگۆی بەکۆمەڵ لەسەر بەشداریکردن و گەشەپێدانی کارامەیی زمانەوانی و بوێری لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەکان بەکاردەهێنێت. | ١١ | ١ | ٢ | ١٤ | ٢,٧٦٩ | ٩٦,٣١ |
| ٣ | ٦ | ئامرازی فێرکردن و تەکنەلۆژیای پەروەردەیی بەکاردەهێنێت، کە گونجاوە لەگەڵ سروشتی بابەتەکان. | ١١ | ٢ | ١ | ١٤ | ٢,٧٣١ | ٩٥,٠٣ |
| ٤ | ٣ | بابەتەکە بە نموونەی ڕوونکردنەوە و بەڵگەی واقیعی ژیان دەوڵەمەند دەکات. | ١٠ | ٢ | ٢ | ١٤ | ٢,٦٥٤ | ٩٤,٤٦ |
| ٥ | ٢ | لە کاتی بەڕێوەچوونی وانەکە، هانی فێربوونی هەرەوەزی لەنێوان فێرخوازان دەدات. | ٩ | ٣ | ٢ | ١٤ | ٢,٥٧٧ | ٩٢،٩٠ |
| ٦ | ٧ | شێوازی ئاڕاستەکردنی پرسیاری پۆل دەدۆزێتەوە، کە سەرنج و وریایی دەوروژێنێت. | ٧ | ٥ | ٢ | ١٤ | ٢,٣٨٥ | ٨٨,٤٩ |
| ٧ | ٤ | ڕەچاوی جیاوازیی تاکایەتی لەنێوان فێرخوازان دەکات. | ٥ | ٥ | ٤ | ١٤ | ٢,٣٤٦ | ٧٦,٢١ |

١- **بواری هاندانی مامۆستا لەسەر هەرەوزی نێوان فێرخوازان:** ئەم بوارە پێنج بڕگە لەخۆدەگرێت، پەیوەندی بە بەواری هاندانی مامۆستایان لەسەر هەرەوەزی لەنێوان فێرخوازان هەیە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە، بڕگەی دووەم (فێرخوازان لەسەر پرسیاری ناو پۆل لە یەکدی هاندەدات) ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە، نمرەی بەهێزی گەیشتووە بە (٢,٥٠٠)، کێشی سەدی (٨٧,٣٣)، وەکو لە خشتەی (٥) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٥)وەڵامی مامۆستایان لە بواری (هاندانی مامۆستا لەسەر هەرەوەزی نێوان فێرخوازان) لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەپیی هێزی بڕگەکە ڕیزبەندکراوە.**

| ز | ڕیزبەندی لە ڕاپرسییەکە | بواری هاندانی مامۆستایان لەسەر هەرەوەزی نێوان فێرخوازان | هاوڕام | تاکو ئاستێك هاوڕام | هاوڕا نیم | کۆی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | فێرخواز لەسەر پرسیارکردنی پۆل لە یەکدی هاندەدات | ٧ | ٦ | ١ | ١٤ | ٢,٥٠٠ | ٨٧،٣٣ |
| ٢ | ٥ | هانی گیانی یەك تیمی فێرخوازان دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەناو ژووری پۆل | ٦ | ٥ | ٣ | ١٤ | ٢,٤٦٢ | ٨٧,٨٢ |
| ٣ | ١ | گەشە بە ئاراستەی کۆمەڵایەتی لەلای فێرخواز دەدات | ٦ | ٦ | ٢ | ١٤ | ٢,٣٨٥ | ٨٦,٤٩ |
| ٤ | ٣ | گەشە بە کارامەیی هەرەوەزی لەلای فێرخواز دەدات | ٤ | ٥ | ٥ | ١٤ | ٢,٢٦٩ | ٨٥,٦٢ |
| ٥ | ٤ | گەشە بە کارامەیی پەیوەندی گفتوگۆ لەنێوان فێرخوازان دەدات | ٤ | ٦ | ٤ | ١٤ | ٢,١٩٢ | ٨٤,٠٨ |

١- **بواری مامۆستایان هانی فێرخوازان دەدەن، لەسەر چالاکی پۆل:** ئەم بوارە شەش بڕگە لەخۆدەگرێت، پەیوەندی بە بواری (هاندانی مامۆستایان بۆ فێرخوازان لەسەر چالاکیی پۆلە)، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە بڕگەی سێیەم (فێرخوازان هاندەدات لەسەر بەیەکەوە بەستنەوەی شارەزایی پێشوو بە وانەی نوێ) ڕیزبەندییەکە یەکەمی گرتووە، هێزی نمرەکەی گەیشتووە بە (٢,٦١٥)، کێشی سەدی (٩١,١٨)، وەکو لە خشتەی (٦) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٦)وەڵامی مامۆستایان لە بواری (مامۆستایان هانی فێرخوازان لەسەر چالاکی پۆل دەدەن) لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەپێی هێزی بڕگەکان ڕیزبەندکراوە**

| ز | ڕیزبەندی لە ڕاپرسییەکە | بواری مامۆستایان هانی فێرخوازان لەسەر چالاکی پۆل دەدەن | هاوڕام | تاکو ئاستێک هاوڕام | هاوڕا نیم | کۆی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣ | هاندانی فێرخوازان لەسەر بەیەکەوە بەستنەوەی شارەزایی پێشوو بە وانەی نوێ | ٩ | ٤ | ١ | ١٤ | ٢,٦١٥ | ٩١,١٨ |
| ٢ | ١ | ئاڕاستەکردنی فێرخوازان بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لە وانەکە لەسەر هەڵوێستی نوێ فێربوونە | ٧ | ٦ | ١ | ١٤ | ٢,٥٣٨ | ٨٧,٦٢ |
| ٣ | ٢ | داوای چالاکی فێرکردن لە فێرخوازان دەکات | ٦ | ٦ | ٢ | ١٤ | ٢,٥٠٠ | ٨٦,٣٣ |
| ٤ | ٥ | داوای نووسینی ڕاپۆرت لە فێرخوازان دەکات | ٦ | ٣ | ٥ | ١٤ | ٢,٣٨٥ | ٨٤,٤٩ |
| ٥ | ٦ | یارمەتی پەرەپێدانی تێگەیشتنی ئەرێنی بۆ خودی فێرخوازان و کەسایەتییان دەدات | ٥ | ٢ | ٦ | ١٤ | ٢,٣٤٦ | ٨٣,٢١ |
| ٦ | ٤ | فێرخوازان لەسەر پێداچوونەوە و خوێندنەوەی بەردەوام هاندەدات | ٤ | ٢ | ٨ | ١٤ | ٢,٣٠٨ | ٨٢,٩٢ |

**٤- بواری مامۆستا فیدباک پێشکەشی فێرخوازان دەکات:**

ئەم بوارە شەش بڕگە لەخۆدەگرێت، پەیوەندی بەوە هەیە **(مامۆستا فیدباک پێشکەشی فێرخوازان دەکات)**، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە بڕگەی پێنجەم **(یارمەتی فێرخوازان لەسەر هەڵسەنگاندنی خودی خۆیان دەدات)** ڕیزبەندییەکە یەکەمی وەرگرتووە، هێزی نمرەی گەیشتووە بە (٢,٨٤٦)، کێشی سەدی (٩٥,٨٧)، وەکو لە خشتەی (٧) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٧)وەڵامی مامۆستایان لە بواری (مامۆستایان فیدباک پێشکەشی فێرخوازان دەکەن) لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەپێی هێزی بڕگەکان ڕیزبەندکراوە**

| ز | ڕیزبەندی لە ڕاپرسییەکە | بواری مامۆستایان فیدباک پێشکەشی فێرخوازان دەکەن | هاوڕام | تاکو ئاستێک هاوڕام | هاوڕا نیم | کۆی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٥ | یارمەتی فێرخوازان لەسەر هەڵسەنگاندنی خودی خۆیان دەدات | ١١ | ١ | ٢ | ١٤ | ٢,٨٤٦ | ٩٥,٨٧ |
| ٢ | ٣ | شێوازی هەڵسەنگاندنی جیاواز بۆ پێوانی ئەدای فێرخوازان بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی لەسەر ئاستی ئەزبەرکردن و بەیادهێنانەوە کورت نەبێتەوە | ١١ | ٠ | ٣ | ١٤ | ٢,٦١٥ | ٩٤,٠٠ |
| ٣ | ١ | فیدباکی ڕاستەوخۆ پێشکەشی فێرخوازان دەکات | ٩ | ٢ | ٣ | ١٤ | ٢,٥٣٨ | ٩٢,٦٢ |
| ٤ | ٧ | جەخت دەکاتە سەر بیرۆکە لە بری هەڵە، وەکو پێدانی دەرفەتی بۆ بیرکردنەوەی لە وەڵامە ڕاستەکە | ٨ | ١ | ٥ | ١٤ | ٢,٤٦٢ | ٨٩,٠٥ |
| ٥ | ٤ | دەستنیشانکردنی لایەنی ناتەواو لە ڕێگای وانەوتنەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی هەڵسەنگاندن | ٧ | ٢ | ٥ | ١٤ | ٢,٤٦٢ | ٨٨,٠٥ |
| ٦ | ٦ | بەستنەوەی پرۆسەی هەڵسەنگاندن بە ئامانجی گشتی و تایبەت بۆ بابەتی خوێندن | ٦ | ٣ | ٥ | ١٤ | ٢,٣٤٦ | ٨٧,٢١ |

**٥- بواری مامۆستا کاتی تەواو بۆ فێربوون دەرەخسێنێت:**

ئەم بوارە پێنج بڕگە لەخۆدەگرێت، پەیوەندی بە بواری **(مامۆستا کاتی تەواو بۆ فێربوون دەرەخسێنێت)**، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە بڕگەی پێنج (بە باشی پلان دادەنێت لەناو پۆل چی بکەن) ریزبەندی یەکەمی گرتووە، هێزی نمرەی گەیشتووە بە (٢,٨٤٦)، کێشی سەدی (٩٨,٨٧)، وەکو لە خشتەی (٨) رِوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٨)وەڵامی مامۆستایان لە بواری (مامۆستا کاتی تەواو بۆ فێربوون دەرەخسێنێت) لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەپێی هێزی بڕگەکە ریزبەندکراوە**

| ز | ریزبەندی لە راپرسیەکە | بواری مامۆستا کاتی تەواو بۆ فێربوون دەرەخسێنێت | هاورام | تاکو ئاستێک هاورام | هاورا نیم | کۆی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٥ | بە باشی پلان دادەنێت لەناو پۆل چی بکەن | ١٣ | ١ | ٠ | ١٤ | ٢,٨٤٦ | ٩٨,٨٧ |
| ٢ | ٣ | بەڕێوەبردنی وانەکە چاکتر دەکات بۆ جێبەجێکردنی پلانی خوێندن | ١٢ | ١ | ١ | ١٤ | ٢,٦١٥ | ٩٧,١٨ |
| ٣ | ١ | کاتی وانەکە بەکاردەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێرکردن | ١٠ | ٢ | ٢ | ١٤ | ٢,٥٣٨ | ٩٤,٦٢ |
| ٤ | ٧ | وادەکات ناوەڕۆکی وانەکە گونجاو بێت بۆ ماوەی کاتی دیاریکراو. | ٩ | ٣ | ٢ | ١٤ | ٢,٤٦٢ | ٩٣,٠٥ |
| ٥ | ٤ | فێرخواز بە هەموو چالاکیەك لەناو پۆل بەشداری دەکات | ٧ | ٥ | ٢ | ١٤ | ٢,٤٦٢ | ٩١,٠٥ |

**٦- بواری مامۆستا پێشبینیی باڵا بۆ ئەدای فێرخوازان دادەنێت:** ئەم بوارە هەشت بڕگە لەخۆدەگرێت، پەیوەندیی بە بواری (مامۆستا پێشبینی باڵا بۆ ئەدای فێرخوازان دادەنێت) هەیە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە، بڕگەی دووەم (ئاستی باڵا لە ئاگایی هزری لەلای فێرخواز بەدیدەهێنێت) ڕیزبەندیی یەکەمی گرتووە، هێزی نمرەی گەیشتووە بە (٢,٩٢٣)، کێشی سەدی (٩٧,٤٤)، وەکو لە خشتەی (٩) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٩)وەڵامی مامۆستایان لە بواری (مامۆستا پێشبینیی باڵا بۆ ئەدای فێرخوازان دادەنێت) لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەپێی هێزی بڕگەکە ڕیزبەندکراوە**

| ز | ڕیزبەندی لە ڕاپرسییەکە | بواری مامۆستا پێشبینیی باڵا بۆ ئەدای فێرخوازان دادەنێت | هاوڕام | تاکو ئاستێك هاوڕام | هاوڕا نیم | کۆی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ئاستی باڵا لە ئاگایی هزری لەلای فێرخوازان بەدیدەهێنێت | ١١ | ٣ | ٠ | ١٤ | ٢,٩٢٣ | ٩٧,٤٤ |
| ٢ | ٨ | کارامەیی بیرکردنەوەی باڵا لەلای فێرخوازان پەرە پێ دەدات | ١٠ | ٢ | ٢ | ١٤ | ٢,٨٤٦ | ٩٤,٨٧ |
| ٣ | ٣ | فێرخواز لەسەر گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە هاندەدات | ٩ | ٣ | ٢ | ١٤ | ٢,٨٠٨ | ٩٣,٥٩ |
| ٤ | ١ | کار لەسەر گەشەپێدانی توانای داهێنان لەلای فێرخواز دەکات | ٨ | ٣ | ٣ | ١٤ | ٢,٦٥٤ | ٩١,٤٦ |
| ٥ | ٤ | بە ڕێگای بابەتی بەبێ سنور هەڵسوکەوت لەگەڵ فێرخواز دەکات | ٧ | ٣ | ٤ | ١٤ | ٢,٥٧٧ | ٨٩,٩٠ |
| ٦ | ٧ | هەڵوێستی فێرکردنی پۆل دەرەخسێنێت، کە ڕووبەڕووی تواناکانی فێرخوازان بێتەوە و بیرکردنەوەیان دەوروژێنێت | ٦ | ٣ | ٥ | ١٤ | ٢,٥٠٠ | ٨٧,٣٣ |
| ٧ | ٥ | هەڵسوکەوتەکان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەکانی پۆل و چارەسەرکردنیان چاکتر دەکات | ٥ | ٤ | ٥ | ١٤ | ٢,٥٠٠ | ٨٦,٣٣ |
| ٨ | ٦ | پیاهەڵدانی فێرخوازە سەرکەوتووەکان چاکتر دەکات، فێرخوازەکانی دیکە لەسەر سەرکەوتن هاندەدات | ٤ | ٥ | ٥ | ١٤ | ٢,٣٨٥ | ٨٥,٧٧ |

**٧ – بواری مامۆستا لەسەر بنەمای فرەزیرەکی بونیادی دەنێت:** ئەم بوارە شەش بڕگە لەخۆدەگرێت، پەیوەندی بە بواری مامۆستا لەسەر بنەمای فرەزیرەکی بونیادی دەنێت، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات بڕگەی یەکەم (ڕەچاوی شێوازی فێربوون لەلای فێرخواز و فرەزیرەکییان دەکات) ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە، هێزی نمرەی گەیشتووە بە (٢,٦٥٤)، کێشی سەدی (٩٧,٤٦)، وەکو لە خشتەی (١٠) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (١٠ )وەڵامی مامۆستایان لە بواری (مامۆستا لەسەر بنەمای فەرزیرەکی بونیادی دەنێت) لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەپێی هێزی برگەکە ڕیزبەندکراوە**

| ز | ڕیزبەندی لە ڕاپرسیەکە | بواری شیاوی لایەنی زانستی و کارامەیی | هاوڕام | تاکو ئاستێک هاوڕام | هاوڕا نیم | کۆی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ڕەچاوی شێوازی فێربوون لەلای فێرخوازان و فەرزیرەکی دەکات | ١٢ | ١ | ١ | ١٤ | ٢,٦٥٤ | ٩٧,٤٦ |
| ٢ | ٣ | ڕێگای وانەوتنەوەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت | ١٢ | . | ٢ | ١٤ | ٢,٦١٥ | ٩٦,١٨ |
| ٣ | ٢ | بیرۆکەکان بە زنجیرەیی و لۆژیکی دەخاتەڕوو | ١١ | ٣ | ١ | ١٤ | ٢,٥٧٧ | ٩٥,٩٠ |
| ٤ | ٤ | ئەو ئەرکانە بە فێرخوازان دەدات کە پێویستیان بە بەکارهێنانی ڕێگەی ئەلیکرۆنی تایبەت بە بابەتەکەیە | ١٠ | ٢ | ٢ | ١٤ | ٢,٥٣٨ | ٩٤,٦٢ |
| ٥ | ٦ | سەرنجی فێرخوازان بە فرە شێواز لە کاتی وانەکە دەوروژێنێت | ٧ | ٥ | ٢ | ١٤ | ٢,٥٣٨ | ٩١,٣٣ |
| ٦ | ٥ | خاڵی لاواز لەلای فێرخوازن دەستنیشان دەکات و کار لەسەر چارەسەرکردنیان دەکات | ٥ | ٤ | ٥ | ١٤ | ٢,٤٦٢ | ٨٧,٠٥ |

## بەشی پێنجەم: ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاز:

### توێژەر گەیشتووە بەم ئەنجامانە:

١- فێربوونی پرەنسیپی فێربوونی چالاک، یارمەتی مامۆستایان دەدات لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانیان و گەشەپێدانی کارامەییەکانی وانەوتنەوەی کارا.

٢- پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک بدرێت بە مامۆستایانی بەش، کە توێژینەوەی ئێستا دیاریی کردووە، بە مەبەستی سوودبینینیان لە هەڵسەنگاندنی خودی بۆ ئەدای خۆیان.

٣- فێربوونی پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک، یارمەتی مامۆستایان دەدات لەسەر پەرەپێدان و گەشەپێدانی کارامەیی وانەوتنەوە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لەلای فێرخوازان.

❖ <u>ڕاسپاردەکان:</u>

١- ئەو لیستەی توێژەر لە هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد پێی گەیشتووە، پەسەندبکرێت یان پشتی پێبەسترێت، هەروەها پرۆگرامێک بونیاد بنرێت بۆ گەشەپێدانی کارامەیی وانەوتنەوەیان.

٢- گرنگی زیاتر بە سیستەمی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بدرێت، لەلایەن ڕاگری کۆلێژەکان، بۆئەوەی بەرزترین ئاست بەپێی تواناکان لە پەرەپێدان بەپیی ڕێگا و سیستەمی نوێ لە وانەوتنەوە بەدیبهێنرێت.

٣- بەستنەوەی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان، بۆ بەدیهێنانی پرەنسیپی فێربوونی چالاک لە بەڕێوەبردنی پۆل

❖ **پێشنیازەکان:**

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی توێژینەوەی ئێستا لە هەموو بەشە زانستییەکان.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە بەشی زمانی کوردی کۆلیژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بەپێی ڕێگا نوێیەکانی دیکەی هەڵسەنگاندن.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە کاریگەریی بەشداری مامۆستایانی بەش لە هەردوو ڕەگەز لە پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک، لەسەر گەشەپێدانی گۆڕاوی دیکەی لای خۆیان و لای فێرخوازەکانیان، وەکو پاڵنەری و ئاراستە ڕووە و بابەتەکە و گەشەپێدانی بیرکردنەوە و بواری دیکە.

**سەرچاوەکان**

١. إبراهيم، مجدي عزيز (٢٠٠٩): **معجم مصطلحات ومفاهيم التعليم والتعلم**، ط١، القاهرة، عالم الكتب.

٢. أبو الحاج، سها احمد، والمصالحة، حسن خليل(٢٠١٦): **استراتيجيات التعلم النشط أنشطة وتطبيقات عملية**، ط١، عمان، الأردن، مركز ديبونو لتعلم التفكير.

٣. أبو الرب وقدادة، عيسى، (٢٠٠٨)، **تقويم أداء أعضاء هيئة التدريس في مؤسسات التعليم العالي**، المجلة العربية لضمان جودة التعليم، العدد(١ )، الأردن.

٤. أبو زايدة، حاتم (٢٠١٨) : **مناهج البحث العلمي**،ط٢،غزة، فلسطين: مركز أبحاث المسنقبل.

٥. بدير، كريمان محمد (٢٠٠٨): التعلم النشط،عمان،الأردن: دار المسيرة.

٦. البكري، سهام (٢٠١٥)، **التعلم النشط**، طبعة الأولى، القاهرة، الابداع.

٧. الجابري، كاظم كريم رضا (٢٠١١) **مناهج البحث في التربية وعلم النفس**، ط١، مكتبة النعيمي للطباعة والاستنساخ بغداد العراق.

٨. خيري، لمياء محمد امين (٢٠١٨): **التعلم النشط**، ط١، مؤسسة يسطرون.

٩. الراوي، إقبال حسن (١٩٩٠): **دليل كلية التربية**، جامعة بغداد، كلية التربية ابن رشد.

١٠. الربيعي، محمود داود، (٢٠١٠)، **كلية التربية الرياضية تقويم كفايات تدريسي كلية التربية الرياضية جامعة بابل وفق منظور إدارة الجودة من وجه نظر طلبتهم**، جامعة بابل، العراق.

١١. سعادة، جودت احمد، فواز عقل، مجدي زامل، جميل شتية، هدى ابوعرقوب واخرون (٢٠٠٦): **التعلم النشط بين النظرية والتطبيق**، عمان، الأردن، دار اشروق.

١٢. السعيد، رضا مسعد وعبد الحميد، ناصر السيد ( ٢٠١٠ ): **توكيد الجودة في مناهج التعليم (المعايير والعمليات والمخرجات المتوقعة )**، دار التعليم الجامعي للطباعة والنشر، الاسكندرية، مصر .

١٣. سكرية، جميلة عبد القادر ( ٢٠١٠): **الكفايات الاساسية اللازمة لطلبة مدرس الصف في مجال تقنيات التعلم وتصميم برنامج لرفع مستوى التمكن منها**، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة دمشق

١٤. السلام، محمد عبد(٢٠٢١): **استراتيجيات التعلم النشط**، مكتبة النور.

١٥. سليمان، جمال احمد (٢٠٠٨): **أصول التدريس**، منشورات جامعة دمشق، دمشق.

١٦. شاكر، أنور فاروق(٢٠١٨): **تقويم أداء تدريسي التاريخ في جامعة ديالى على وفق مبادئ التعلم النشط**، مجلة الفتح، العدد الخامس والسبعون، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة ديالى، العراق.

١٧. عبد العزيز، خالد وزهران، علاء الدين (٢٠٠٨)، **نموذج مقترح لتقييم جودة البرامج المحاسبية من منظور الاعتماد الاكاديمي**، المجلة العربية لضمان جودة التعلم العالي، العدد(٢)

١٨. العجيلي، صباح حسين وآخرون (٢٠٠١): مبادئ القياس والتقويم التربوي، مكتب حمدان الدباغ للطباعة، بغداد.

١٩. العساف، صالح بن حمد (٢٠٠٣)،**المدخل الى البحث في العلوم السلوكية**، ط٣، الكتاب الأول، مكتبة العبيكان، الرياض.

٢٠. عماد عبد الرحيم الزغول، شاكر المحاميد(٢٠١٠)، **سيكولوجية التدريس الصفي**، دار المسيرة، الطبعة الثانية، الأردن،.

٢١. العمايرة، محمد حسن (٢٠٠٦)، **تقدير أعضاء هيئة التدريس بجامعة الاسراء الخاصة بالأردن للمهام التعليمة المناطة بهم من وجهة نظر طلبتهم**، مجلة العلوم التربوية والنفسية/ البحرين، كلية التربية، المجلد ٧،العدد(٣)

٢٢. الفوال، محمد خير وسليمان،جمال (٢٠١٦)، **طرائق التدريس العامة**، منشورات جامعة دمشق، كلية التربية، دار الملايين للطباعة والنشر والترجمة والتوزيع، دمشق، سوريا.

٢٣. مجدي، سعاد (٢٠١٦): **تقييم الأداء التدريسي لمعلمي التعليم الابتدائي من وجهة نظر مفتشي التعليم الابتدائي في ضوء الكفايات التدريسية**، رسالة ماجستير، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية جامعة محمد بو ضياف بالمسيلة، الجزائر.

٢٤. النعيمي، محمد (٢٠٠٥)، **نظام تقييم أداء أعضاء هيئة التدريس**، جامعة قطر

٢٥. الهاشمي، عبد الرحمن والدليمي علي حسين (٢٠٠٨): **استراتيجيات حديثة في فن التدريس**، دار الشروق، عمان .

٢٦. الهذلي، عبد الله محسن(١٩٩٥): **مدى توفر الكفايات التعليمية لدى معلمي المواد الاجتماعية في المرحلة الابتدائية من وجهة نظر المشرفين التربويين**،المجلة التربوية،العدد الخامس والثلاثين.